# شێخ زانا، سورەتی ئەلواقیعە وسورەتی مەحەمەد

سەلام عەبدوڵا

ناکرێ کاروکردەوەکانی گروپ و حیزبە ئیسلامییە جیاجیاکان بەبێ دەقە"پیرۆزەکەیان" مامەڵە بکرێن. هەر جارێك ئەوانە تاوانێکیان ئەنجام دابێ، بە ئایەتێکی قورئان دەستیان پێکردووە. تاوانەکەی ئاوایی خێڵی حەمە، تاوانی کوشتنی سەددان کەس لە هەولێر و موسەیەب و شوێنەکانی تر، نموونەی لەبەرچاون بۆ ئەم بۆچوونە. هەڵبەت ئەوەشم لەبەرچاوە کە دەیان ئایەتی تر هەن، بە پێچەوانەوە، بانگەشە بۆ تەبایی دەکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن نکوڵی لە بۆچوونە یەکەمەکان بکەن. سەربڕین، نێربازی، هەڕەشە و تۆقاندن لە سەرتاپای سورەتەکانی قورئان دووبارە دەبنەوە!

لە سورەتی(ئەلواقیعە، ئایەتی 11-24)دا، هاتووە(...ئەوانە نێزیکانن-لە دەرگای خوا- لە نێو بەهەشتی پڕ نازو نیعمەت دان. دەستەیێ زیاد لە پێشینان و کەمێکیش لە دواییننن(موقەربان) لە سەر تەختگەلێ پێکەوە لکاو کە بافتیان لە مرواری و یاقوتە، روبەری یەکتر لەسەر ئەوانە پاڵیان داوەتەوە، گەنجانی هەمیشە جوان بە دەوری-موقەڕبان-دێن و دەچن-دەگەڕێن-، دەس لە پیاڵە و جامی تەژی-لە شەرابی تەهوری-چۆمە ڕەوانەکانی بەهەشت لە خواردنەوەی نە سەرئێشە دەگرن و نە بێهۆش دەبن و مێوەگەلێ کە خۆیان هەڵی دەبژێرن و گۆشتی پەلەور هەرچی ئارەزویان لێ بێ. بۆ ئەوانە حورلعەینش-ژنانی چاوبەڵك و چاو پیاڵە-هەیە کە وەکو مرواری ناو سەدەف وان بە پاداشتی کارێ کە کردویانە.)-لە وەرگێڕانی مامۆستا محمد صالح ابراهیمی و هیئت محققین و مصححین، چاپی جمهوری ئیسلامی ئیران، لاپەڕەی534-535)1.

ئەگەر لە بەهەشت، گەنجانی جوان بە دەوری ئیماندارەکان، بگەڕێن، ئیدی بۆچی دڕندەیەك وەك شێخ زانا و باندە ئیسلامییەکەی، ئەم بێ ڕەوشتییە نەکەن؟ شێخ زانا بەرهەمی ئەم دەقەی سەرەوەیە، بۆیە ڕێی داوە بە خۆی و گەنجەکانی دەورووبەری لەگەل یەکتر نێربازی بکەن.

هەمووەمان تورەیی و بێزاری جۆراوجۆرمان دەرخست لە بارەی شکاندنی دوا تابوو دەرهەق بە مرۆڤ، مەبەستم وەحشیگەری سەربڕینی مرۆڤە، بەڵام شێخ زانا و ئیسلامییە هاوەڵەکانی بە گوێرەی سورەتی محەمەد-ئایەتی 4-ەم رەفتاری کردووە: ( جا کاتێ لە گەل کافراندا-لە شەڕدا- روبەڕو بن ، لە ملیان بدەن تا بە تەواوی تێکیان دەشکێنی، جا دیلەکان توند ببەستن، جا لە پاشان یا منەتیان لەسەر دابنێن(و ئازادیان بکەن)، یا بە فیدیە و بارمەتە تا جەنگ دوایی دێ...) و دەیان ئایەتی تر کە دووپاتی کوشتن و بڕین دەکەن... تێگەیشتنی ئەم جۆرە گروپانە بۆ کردارە نەگریسەکانیان بەم شێوەیە: پارتی و یەکێتی خزمەتی سیاسەتی ئەمریکای کافر دەکەن، بۆیە مامەڵەی ئەهلی کوفریان لە تەکدا دەکەین و قورئان ڕێگەمان پێدەدا لە دژیاندا جیهاد بکەین و کوشتنیان حەلاڵە. لەم جیهادەشدا (خوا باشترین مەکربازە- ان الله خیر الماکرین-)!.

**بۆیە شوێنی خۆیەتی، رق وقینەمان بۆ ئاستی سافل و تەرەسێك وەك(شێخ زانا)و باندەكەی دانەبەزێنن، بەڵكو ئێمەش بڵێن ئیتر بەسە:**

**1–قورئان سەرچاوەی لێڵی ئەو تاوانانەیە**

**2–مزگەوتەكان شوێنی پەڕپێدان و رێكخستنیانە.**

**3–حیزبە ئیسلامییەكان، پردی پەڕینەوە، شاردنەوە و پێگەیاندن و زەمینە خۆشكەریانن بۆ ئەنجامدانی تاوان.**

**4–چیتر نامانەوێ گوێ لە بیانوو و درۆدەڵەسەكانی ئەو مەلایانە بێت كە ئارایشی ئەو سەرچاوە لێڵە دەكەن.**

**بۆ رێگەكرتن لەو وەحشیگەرییانە، دەبێ لاوانی كوردستان پشت بە خۆیان ببەستن و و بە زە و تواناكانیان دەتوانن وەرچەرخانێك لە مێژووی نوێ كوردستان بە شێوەیەكی وا تۆمار بكەن، هەرچی مزگەوت، قورئان، جن، مێردەزمەو مەلایكەتەكانی وەهم هەیە، بەسەریاندا سەروخوار بكەن!**

**تیرۆری ئیسلام و بەعس–روحی ئومەی عەرەبین– كە ئەندۆنیس بە روحی ئومەی ئەلمانی– هایدەگەر،نیتشە...هتد، بە هاوچەشنیان، ناویاندەبات) بە تیرۆری شۆڕشگێڕانە و رەوای هێزی نوێی مێژوو لە گۆڕ دەنرێن!**

**18.7.2005**

**1– بە عەرەبییەكەی: (اولئك المقربون في جنت النعيم، ثلة من الاولين و قليل من الاخرين، على سرر موضونة متكئين عليها متقبلين، يطوف عليهم ولدن مخلدون، بأكواب و أباريق و كأس من معين، لايصدعون عنها ولا ينزفون، و فكهة مما يتخيرون و لحم طير مما يشتهون، وحورعين، كأمثل اللؤلؤ المكنون، جزاء بما كانوا يعملون.)**